# بۆ ڕای گشتی کوردستانی

بەپێی زانیاریەکان بەڕێز دکتۆر کەمال سەید قادر ماوەی چەند ڕۆژێکە لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا بێ سەر و شوێن کراوە.

ئەم ڕووداوە هێمایەکە کە زیاتر لە مانا و واتایەک دەگەیەنێ. بەر لە هەر شتێک ئەم ڕووداوە ڕووی دزێوی دەسەڵاتی کوردی دەگەیەنێ و پێشێلکردنی سەرەتاییترین پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە. بەپێی زۆربەی هەرەزۆری یاساکانی وڵاتانی جیهان وە لەوانەش یاسای عیراق، کە تا ئیمڕۆش پەیڕەو دەکرێ، نابێ هیچ کەسێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەبێ بڕیاری دادوەر. لەڕووی سیاسیشەوە بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال هێمایەکی شوومە و دەربڕی ئەو ڕاستیەیە کە ئەو سیستەمە سیاسیەی لە کوردستان بەرهەم هاتووە لە سیستەمێکی پۆلیسی زێتر نیە و لە هەڵسووکەوتی ئەو ڕژێمانەی دەورووبەر تێپەڕ ناکات.

ئەز لەو باوەڕەدام کە بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر هەوڵێکی ترە لە کپکردنی ئەو دەنگ و پێنووسانەی کە بەشێوەیەکی زۆر بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕن و نووسینەکانیان دەخەنە خزمەت گەلەکەیان. تا ئەو جێگەیەی خۆم ئاگادارم نووسینەکانی ئەو بەڕێزە بەشێوەیەکی گشتی هەموویان لە خزمەتی دۆزی خەڵکی کوردستاندان.

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێم کە گرنگ نیە کە لەگەڵ نووسین و بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال دا بین یان نا، هەرنەبێ لەڕووی ئەو شێوازەی کە نووسەر لە هەندێک لە وتارەکانیدا بەکاری هێناون! کرۆکی مەسەلەکە بەر لە هەر شتێک کێشەی ئازادی و مافە یاساییەکانی تاکەکەسێکن کە لە ڕێگەی پێشێلکردنیانەوە ئازادی و یاسا لە مانا و ماهیەتە گشتیەکانیدا پێشێلدەکرێن.

لەکاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، وە بە تایبەتی دەسەڵاتی پارتی و دەزگاکانی، لاریان لەوە نیە کە مرۆڤکوژێکی وەکو سەدام و داروودەستەکەی هەموو مافێکی یاساییان هەبێت، پێویستە هەرنەبێ هەمان ماف ڕەوا ببینن بە هەر تاکێکی کورد! لێرەوە، کەمترین ڕاددەی ماف بۆ دکتۆر کەمال ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە لە دادگایەکی کراوەدا و بە هەموو مافێکی پارێزگاری لەخۆکردن بواری دادگاییکردنی پێبدرێ.

پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوە بزانن کە هەوای ئازادی بەسەر زۆربەی هەرەزۆری بەشەکانی ئەو جیهانەدا هەڵیکردووە زۆربەی وڵاتان و نەتەوەکانی دونیا گرتۆتەوە و لە کوردستانی ئێمەشدا خەریکە دەرگە و پەنجەرەکان بەڕووی ئازادی و گۆڕانکاریدا بکرێنەوە. بە گرتنی دکتۆر کەمال و نموونەکانی ئەو بەڕێزە ناتوانرێ دەرگە و پەنجەرەکان بەڕووی ئازادی و ڕیفۆرمدا دابخرێن. نابێ چیتریش هەروا بە ئاسانی دەسەڵاتدارانی کوردستان، وەک ئەوەی ئەم دواییەی کە یەکێتی نیشتیمانی وەزیرێک لەکاربخەن لەبەرئەوەی دەنگی بۆ دەستوور نەداوە! خەڵکی کوردستان بە هەموو ئەو قوربانیانەی کە ساڵەهای ساڵە داویەتی شایستەی زۆر زیاترن لەو دەسەڵاتەی کە ئیمڕۆ لە کوردستان ئازادی و مافی مرۆڤ بنپێ دەکات.

لەچوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕاستکردنەوەی چەوتیەکانی یاسایی کە دەسەڵاتی پارتی کردوویەتی وە قەبووڵکردنی پرەنسیپی دادوەری لە مامەڵەکردنی هاووڵاتیانی کوردستاندا، پێویستە ئەو دەسەڵاتە بەزووترین کات چارەنووسی دکتۆر کەمال سەید قادر ئاشکرا بکات و بەشێوەیەکی دادپەروەرانەی پێویست مامەڵەی لەتەکدا بکات. ئەگەر دکتۆر کەمال شتێکی چەوت و نایاسایی کردووە، ئەوا بە بنپێکردنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتی پارتیەوە ناتوانرێ ئەو چەوتیە یاساییە ڕاستبکرێتەوە کە ئەو بەڕێزەی پێ تۆمەتبار دەکرێ.

لێرەوە وەکو تاکێکی کورد، وە تا ئەو جێگەیەی کە بۆم کرابێ، خەمخۆرێکی مافی مرۆڤی خەڵکی کوردستانم، ڕووی داواکردنم لە دەسەڵاتی پارتی ئەوەیە کە بەزووترین کات بەشێوەیەکی یاساییانە و لەچوارچێوەی دادپەروەریەکی مۆدێرندا مامەڵە لەگەڵ دکتۆر کەمال سەید قادر بکات. چارەسەرنەکردنی ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوە یاساییەکەیدا دەتوانێ باری دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەت هی پارتی، زێتر بەرەو ئاڵۆزی و قەیرانی سیاسی ببات.

**ئازادی و مامەڵەکردنێکی یاسایی و دادپەروەرانە بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر**

**د. بورهان ا. یاسین**
**زانکۆی لوند ـ سوید، 2005/10/30**